# تیۆری لیبرالیزم لە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەولەتیەکاندا

## سەرەتاکانی گەشەکردنی تیۆری لیبرالیزم

لیبرالیزم وەك چـــەمكو بوارێكی فەلســـەفی بە مانای ئازادی دێت واتا رزگاربوون لە گشـــت كۆتو بەندێكی دەرەكی ئنجا ئەم كۆتە بەندە چ دەولەت بێت یان تاك یان بیروراییێكی سیاسی.

پەرتوكەكەی (ئیمریك كورسـیە)، بە ناوی (گوتاری دەولەت - خگاب الدولە) لە سـالی 1963 كاریگەری زۆری هەبوو لەســـەر گەشـــەكردنی بیری لیبرال لە پێوەندیە نێودەولەتیەكاندا. كاتێك داوای لە ولاتانی زلهیزو ســـەركردە جیهانیەكان كرد كە تیبكۆشـن بۆ بەرقەراركردنی ئاشـتی لە سـەرانسـەری جیهاندا. دواتریش هەولەكانی هەر یە كە لە رۆ بەرت كیو هان (Robert Keohane) و جوزێف نای Joseph (Nye ) ئەو بوارەیان گەشە پێدا.

- كاریگەری فەلســـەفەی ئیمانوێل كانتو ویدرۆ ولســـن یش رۆڵی بەرچـــاوی بینی لەسەر بەرەو پێشچوونی تێوری لیبرالیزم.

- دەكرێت بوترێت كە ســـەرەتا لیبرالیزم زیاتر وەك پرۆژەیەكی رۆشـــنگەری بۆ ریفۆرمی سـیاسـیو كولتوری ئابوری سـەریهەلدا. لەسـەر ئاسـتی نێودەولەتیش داوای ریفورمی دەكرد لە سیستمی جیهانیدا.

- رووداني هەردوو جەنگی یەكەم ودووەمی جیهان و دواتریش جەنگی ساردی نێوان بلۆكی سوشیالیستیو كاپیتالیزم كاریگەری هەبوو لەسەر پاشەكشێكردنی فەلسەفەو تێوری لیبرالیزم، بەلاَم دوای جەنگی ســـارد بە تایبەتیش ئەوەی پێیدەگوترێت

**ســـیســـتمی نوێ جیهانی کە لیبرالیزم یەکێك بوو لە ســـتوونە هەرە گرنگەکانی تەکانێکی زۆریدا بە تیۆری لیبرالیزمو فەلسـەفەی لیبرال لە گشـت ئاسـتە سـیاسـیو ئابوری کولتوریەکاندا.**

## تیۆری لیبراڵی نوێ (لیبرالیەتی دامودەزگایی)

**لەگەڵ هاتنی ســاڵی 1880 ز، لیبرالیەتی کلاســیکی لە قەیراندا بوو، بنەماکانی بوو بوونە ئەو تاکە کلاســـیکیەی کە مۆدێلێکی کۆن بوو لە تەواوی ئەوروپای رۆژئاوا. لە بری ئەوە زنجیرەیەك جموجۆڵ دەرکەوتن بۆ رزگار کردن و بووژاندنەوەی کۆمەڵگای لیبرالی، ئەوەش پێی وترا لیبرالیەتی نوێ.**

**زۆرجار دەســـتەواژەی لیبرالیەتی نوێ بەکاردێت وەك گوزارشـــتێك لە لیبرالیەتی نوێی دامودەزگایی، وە لە مارەســـەی ســـیاســـیش چـــەمکی لیبرالیەتی نوێ لە چـــوارچـــێوەی ســـــەرمایەداری و بەها دیموکراســـیەکانی رۆژئاوا دەخرێتەڕوو. لیبرالیەتی نوێ لە چوارچێوەی تیۆری دامودەزگایی دەوڵەت گەشەی کرد کە هەردوو رەوتی تیۆری رەخنەیی و ئاسایشی بە کۆمەڵ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگرێتەوە، ئەم تیۆرە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو گەشەی پێدرا لە لایەن روبرت کۆهین و جۆزێف نای.**

## لیبراڵەکان لە سیستمی نێودەولەتی پشت دەبەستن بە چەند گریمانەیەك

**یەکەم /دەولەت لە بنەرەتدا لە کۆمەڵێك گروپ پێکدێت کە دواتر هەر ئەوانیش گوزارشـــت لە دەولەت دەکەن، لیبرالەکان پێیان وایە کە ناکرێت ئامانجەکانی دەوڵەت**

**تەنیا لە بەدیهێنانی ئاسایش و هێزدا کورتبکرێتەوە، چونکە ولاتانی ئێستا جیاوازن لە هی سەردەمی سپارتە (یۆنان).**

**لە دیدی لیبرالســـتەکان خودی ئامانجەکان گرنگترن لە شـــێوازی بە دەســـتهێنانی ئامانجەکان.**

**دووەم /دەولەتان تا رادەیەکی زۆر پشت دەبەستن بە یەکتری Interdependence بە مەبەســـتی باشـــتر کردنی پێگەکەیان لە ژینگەی نێوەوڵەتی، ئەمەش بۆ دواجار کاریگەری زۆری دەبێت لەســـەر هەلســـوکەوتی دەولەتان، بە تایبەتیش بازرگانیو پەیوەندیە ئابورییەکان کاریگەری ســـەرەکیان هەیە لەســـەر ســـیاســـەتی دەرەوەو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان .**

**ســـێیەم/ ئاســـایشـــی جیهانی زیاتر لە رێگای بازرگانیو پەیوەندیە ئابورییەکاندا دێتەدی تا لە رێگای هاوسەنگی هێزو سیستمی یەك جەمسەریو دووجەسەری.**

**چوارەم/ بۆ سزادانی ئەو ولاتانەی سەرپێچی لە یاساو رێسا نێودەولەتیەکان دەکەن، نابێت پەنا ببرێتە بەر هێز بەڵکو دەبێت ئەم ســـزایە لە رێگای گوشـــارە ئابووریو سیاسیو دبلۆماسیەکانەوە بێت.**

## ئەو بوارانەی لیبرالیزم گرنگی پێدەدات

**فۆکۆیاما و دۆیڵ فکرەی ئاشـــتی دیموکراســـییان زیاد کرد بۆ تیۆرەکە، کاتێك باســـی دیموکراســـی وپاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ و کارلێکردن و یەکگرتنی نێوان دەوڵەتان و تێپەڕاندنی قۆناغی کاتی دەکات، وە ئەمانەش بە هۆکاری کاریگەر دادەنێت لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەوڵەتان بە مەبەســـتی بەرقەرار کردنی ئاشـــتی و ئاســـایش،**

چونکە تەنها دەوڵەتانی نا دیموکراسی پەنا دەبەنە بەر ململانێ و جەنگ. بە ڕای دۆیل دەوڵەتە دیموکراسییەکان ئارەزووی ناکۆکی و جەنگیان نیە، لێرەدا لیبرالیزمی نوێ سنوری لیبرالیزمی کلاسیکی و دامودەزگایی تێپەڕاند کە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەها رەوشتییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، چونکە جەنگ بەرپا نابێت کاتێك هاریکاری نێودەوڵەتی زیاد دەبێت بەرەو بە گشتیکردنی دیموکراسی لیبرالی و بلاوکردنەوەی لە جیهان.

لیبرالیەکان پێیان وایە سیستمی نێودەوڵەتی مەسەلەیەکی مەرکەزیە لە دیراسەکردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، وە پێیان وایە چەندین ئەکتەر و یەکەی ئەکتیڤی تیایە، کە دەوڵەت یەکێکە لەمانە، هەروەها لەم سیستمە چەندین یەکەی لاوەکی تر جیا دەبێتەوە، بەلام ئەم سیستمە لە حاڵەتێکی ئاژاوەگێڕیە.

تیۆری لیبرالیەتی نوێ گرنگی دەدات بە بیرۆکەی دامودەزگایی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش بە مانای بوونی کۆمەڵێك دامودەزگایە کەوا هەوڵی ڕێگەگرتن لە هەلایسانی جەنگ و کەمکردنەوەی ناکۆکیە چەکدارییەکان و پەنا بردنە بەر ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی دەدەن لە نێوان ولاتان.وەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە میانەی یاساو ڕێسا نێودەڵەتیەکان، کە ئەمەش لە کۆمەڵەی گەلان دەستی پێکرد و لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی هات، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوە هەرێمی و ناحکومیەکان.

هەریەك لە لیبرالیستەکان و ریالیستەکان باوەڕیان بە چەمکی هاوسەنگی هێز هەیە، لیبرالیستە نوێیەکان پێیان وایە ژینگەی دەرەوەی دەوڵەت کاریگەری هەیە لەسەر ژینگەی ناوەوە. واتا لە ئاستی یەکەی شیکردنەوە، سیستمی نێودەوڵەتی بە پلەی یەکەم و دەوڵەت بە پلەی دووەم دێت.

**اهتم كل من اتجاهی اللیبرالیه الكلاســـیكیه والجدیده بمصـــگلحی الاعتماد المتبادل والأمن الجماعی فی العلاقات الدولیه.**

**چەمکی ئاسایشی بە کۆمەڵ (الأمن الجماعی) ,هەروەها چەمکی پشتبەیەك بەستنی هاوبەش ( الاعتماد المتبادل interdependence) – لای لیبڕالیســـتە کۆن و نوێیەکان جیگەی بایەخە.**

**کاراکتەرە ســـەرەکیەکانی پێوەندیەی نێودەوڵەتیەکانو ســـیســـتمی نێودەوڵەتی لە روانگەی لیبراڵەکانەوە:**

- **رێکخراوە نێودەولەتیەکان** International Organisations
- **تاك و گروپە بەرژەوەندیخوازەکان** Advocacy Groups &individuals
- **کۆمپانیا فرە رەگەزەکان** Multi-national Corporations
- **دەوڵەتان** States –